# دوا تابلۆ

سەلاح عومەر



هیچ کاتێ هێندەی ئیمشەو خۆم وا چوست و چالاک نەبینیوە، حەزم دەکرد زوو تابلۆ تازەکەم تەواو بکەم، ماندووبوونم نەدەزانی، لەشم لەناو ئارەقەی رەش و شیندا مەلەی دەکرد. لام گرنگ نەبوو کات درەنگە یا زوو، بەڵکو گرنگ تابلۆکە بەو شێوەیەی کە دەمەوێ تەواوبێ و بگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئیتر پێویستی بەدەستکاری نییە. بۆیە وەک خاوەنی شتێکی گرانبەها بم هەندێ جار دەهاتمە سەر ئەو باوەڕەی تابلۆکە لە باوەش بگرم، وەک منداڵێ تێر بیگوشم و ئاوێزانی بم. لە باوەشی خۆمدا بیخەوێنم و لایلایەی بۆ بکەم. رەنگ و فەزاو هێڵە باریک و رەنگاوڕەنگەکانی بکەمە نوێنی ئاسودەیی و بۆ هەمیشە لەو نیگەرانییەی ساڵانێکە بینە قاقای گرتووم رزگارم بێ.

هەستم دەکرد کەسانی ناو تابلۆکە، رەنگەکان

بەڕوومدا پێدەکەنن، قسەم لەگەڵ دەکەن، بەدیارمەوە دێن و دەچن، منیش بەدیاریانەوە دێم و دەچم و بزەی خۆشیان بەرامبەر دەکەم. جارجارەش کە لە تابلۆکە دووردەکەوتمەوە، دەچوومە ئاستی ڕووناکی بەر پەنجەرەکەو لە دوورەوە تێم دەڕوانی، یا لەژێر نیۆنەکەدا دەوەستام و لە تۆنی ڕەنگەکان وردەبوومەوە. دەمویست بزانم کەموکورتییەکانی لە کوێدایە، یا هارمۆنیەتی نێوان بەشەکانی چۆنەو ئایا هیچ گونجانێ یا نەگونجانێ لە نێوانیاندا هەیە. ئینجا کە دەهاتمەوە شوێنی خۆم فلچەکەم بەم شوێنەدا دەهێنا کە هەستم دەکرد پێویستی بەچاککردن هەیە، یا ماویەتی بگاتە ئاستی مەبەست. ئەو شوێنەیش کە پێویستی بەتۆخکردن هەبووایە، تۆخترم دەکردو ئەوەیش پێویستی بەکاڵکردن هەبووایە کاڵترم دەکرد. پێم وابوو ئەم تابلۆیە ژیانم دەگۆڕێ و بەئاراستەیەکی دیکەدا دەمبات. لە قۆناغێکی هونەرییەوە دەمپەڕێنێتەوە قۆناغێکی دیکەی هونەری. نەمدەزانی بۆ وا چوست و چالاک بەژوورەکەدا دەگەڕێم و بەردەوام بەدەوری تابلۆکەدا دەسووڕێمەوە. خۆم و فلچەیەک و قوتوویێک بۆیە، خۆم و کۆمەڵێک خەون و خەیاڵ، باقەیەک حەزو ئارەزوو، بەدیار تابلۆکەوە بزەی خۆشیم دەباراند، ئەو تابلۆیەی لەهیکرا بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، یا پێشتر بیرم لێ کردبێتەوە بەمێشکمدا هات. بیرۆکەکەی لە خەیاڵمدا دروست بوو و پاڵی نام فلچە و بۆیە بگرمە دەست و ئێوارەی هەمان ڕۆژ بکەومەکار. بەتوانایەکی سەیرەوە، دەستم پێکرد و تا درەنگی شەو دەست بەرداری نەبووم، ئەو کاتەیش خەوم لێکەوت، هیچی وای نەمابوو، جگە لە هەندێ شوێن نەبێ. ئەمەش لە هەموو کارەکان زەحمەتتر بوو، چونکە بەزەحمەت لە ڕەنگکردن و هێڵ و فەزاکەی رازی دەبووم. دەمویست ببێ بە تابلۆیەکی ناوازە کە جیاواز بێ لەگەڵ هەموو ئەو تابلۆیانەی پێشتر کێشابوومن. دەمویست دەربڕی ئێش و ئازارەکانم بێ، لە هەمان کاتدا ئاڵۆزییەکانی مێشکم، زەحمەتییەکانی ژیانم، نائارامی ئەم چەند ساڵەی دواییم بەرجەستە بکات. هەرچەندیش لە تەواوکردنی تابلۆکە نزیکدەکەوتمەوە پتر هەستم بەخۆشی دەکرد، وام دەزانی بارێکی قورس لەسەر شانم لاکەوتووەو دڵ و دەروونم ئاسوودەتر دەبێ. ئەگەرچی لەشم لەناو ئارەقەی ڕەش و شیندا مەلەی دەکرد، بەڵام هەستم نەدەکرد ماندووم، یا کات درەنگە. گرنگ تابلۆکە تەواوبێ و بگەمە ئەنجامێکی ڕازیکەر. تابلۆکانی پێشترم وانەبوون و هەستی وایان پێ نەبەخشیبووم، بەم شێوەیەی ئەمڕۆ پەلە نەبووم لە تەواوکردنیان. هەرگیزیش وا بەتاقەت و لەش سووک نەبووم بۆ کارکردن و بیرکردنەوە و وەشاندنی فلچەو هاتوچۆکردن بەرامبەر تابلۆیەک لە تابلۆکانم.

نازانم کەی خەوم لێ کەوت، تەنیا ئەوە دەزانم کە بەیانی وەئاگاهاتم و سەیری دەوروبەری خۆمم کرد. خۆم لەنێوان قوتووی ڕەنگ و فلچەو وردەواڵەی سەیر سەیردا بینی، خۆم بینی لە نزیک تابلۆکە درێژبووم و سەرم بەدامێنی تابلۆکە کردووە، پرچم بەبۆیەیە و دەست و قاچم، جلوبەرگم لە نێو بۆیەدا نقوم بووە، فلچەکە هەر بەدەستمەوە بوو و بەسەر قوتووە بۆیاغێدا شۆڕبۆتەوە، بەزەحمەت لەنێوان کەلوپەلەکاندا ڕاست بوومەوەو بەپەلە بۆ ژووری جلگۆڕین چووم و بەچاوی خەواڵووە جلم گۆڕێ. ئینجا بەرەو دەست شۆرەکە چووم و بەپەلەتر دەموچاوم بەسابوون و ئاوی گەرم شۆرد کە پێشتر سابوون و ئاوی گەرمم بۆ دەموچاو شوشتن بەکارنەدەهێنا، هێشتا زووبوو، پێم

سەیربوو وا زوو بەخەبەر هاتووم، چونکە هیچ ڕۆژێ یا بەیانییەک وا زوو هەڵنەستاوم، بەڵکو هەمیشە درەنگ لە خەو هەڵدەستام و بەزەحمەت و بەلەش گرانی لەناو نوێن ڕاست دەبوومەوە. خۆ ئەگەر دەوامی فەرمانگە نەبووایە تا نیوەڕۆ لە ناو نوێن نەدەهاتمە دەرێ، منێکی تەمبەڵی نیگەران، منێکی گۆشەگیر کە هەمیشە هەستم بەتەنیایی و مێشک جەنجاڵی دەکرد، ئەمرۆ وا نەبووم، بەڵکو پەلەم بوو زوو لە فەرمانگە بگەڕێمەوە و بێمەوە سەر تابلۆکەم، ئەو تابلۆیەی وامدەزانی دواین تابلۆیەو بۆ ئەو خولقاوم، ناشبێ وا بەئاسانی دەستبەرداری بم.

پێشتر لە کێشانی تابلۆکانی ترمدا هێندە بەتەنگ تەواوکردنیانەوە نەبووم، لام گرنگ نەبوو کەی تەواو دەبن. جاری وا هەبوو بەمانگێ یا پتر تابلۆیەکم پێ تەواو نەدەکرا. ئەوەتا بەدەیان تابلۆم لە ژووری پشتەوەدا بەسەریەکدا کەڵەکە کردووەو تاقەتم نییە ئیشیان تێدا بکەم. بەڵام بۆ ئەم تابلۆیەم نازانم چ حەزێ. چ ویست و ئارەزوویێ وام لێدەکات پەلە لە تەواوکردنی بکەم، تۆ بڵێی پاڵنەری سەرەکی لەم نێوەندەدا چی بێ؟ جاران زۆرم لە خۆم دەکرد بەڵکو ئێ لەکاتی خۆیدا بگەمە فەرمانگەکەمان، بەلەش گرانییەوە هەنگاوم دەنا. بەمن بووایە نەکەسێ بدوێنم و نەسڵاو لەکەسێ بکەم. تاقەتم نەبوو وەڵامی سڵاوی برادەرانیشم بدەمەوە. بەمن بووایە هیچ کەسێ نەسڵاوم لێ بکات، نە پرسیارێکم ئاراستە بکات.

هەستم بەدڵتەنگی دەکردو زوو تووڕە دەبووم، بەڵام ئەم بەیانییە ببووم بەکەسێکی دی، ڕووخۆش و خۆش مەشرەب، لەشم سووک. هەر لە خۆوە حەزم لە فیکە لێدان و گۆرانی گوتنە. بۆیە بەدەم گۆرانی گوتنەوە خەریکی دەموچاو شوشتن و خۆ ڕێکخستن بووم. ماوەیەکی چاک لەبەر ئاوێنەدا مامەوەو زیاد لە پێویست خۆم بەشانەکردنی پرچم و ڕێکخستنی خۆم خەریک کرد، ئەو قاتە ڕەشەی بەسەر بۆینباغە سوورەکەشەوە پۆشیبووم جوان لێم دەهات، بۆیە هێندەی تر میزاج و زەوقم کرایەوە. هەر بە بەدەم گۆرانی گوتنشیەوە دەرگام کردەوە و بەپەلە خۆم بەکۆڵاندا کرد، بەهەنگاوی خێرا شەقامەکەی بەرامبەرم بڕی و خۆم گەیاندە فەرمانگەکەمان. کە گەیشتم هێشتا فەرمانبەرانی دی نەگەیشتبوون. بەڵام کە تاک تاکە دەگەیشتن جیا لە ڕۆژانی پێشوو بەڕوویێکی خۆش پێشوازیم لێدەکردن و لەجیاتی ئەوان سڵاوم لێ بکەن من خۆم بەخێرهاتنم کردن.

ئەگەرچی گەنجێکی قۆز و ڕێکوپێک بووم، بەڵام هیچ کاتێ هێندە بەخۆمەوە نەنازیبووم، گەنجێک کە هەمیشە کیژوکاڵی گەڕەک شەڕیان پێدەفرۆشت و دەیانویست قسەیەکیان لەگەڵدا بکات، یا هەر هیچ نەبێ تیکە چاوێکیان تێبگرم. یا بوەستم و وەڵامی ئەو شەڕفرۆشتنەیان بدەمەوە، بەڕوویاندا پێبکەنم. گوێم بەتەعلیقدان و ئیشارەت و سڵاوکردنەکانیان نەدەدا، بەڵکو هەر کە لە دەرگایماڵەوە دەهاتمەوە دەرێ، تیژ تێدەپەڕم، بەهەنگاوی خێرا ئاودیوی شەقامەکەی بەرامبەرمان دەبووم و ئاوڕم لە هیچیان نەدەدایەوە، بەدەموچاوی مۆنەوە، بەتووڕەیی و مچومۆڕیەوە بەرەو فەرمانگەکەمان دەڕۆیشتم. لە هاتنەوەشدا بەهەمان شێوە دەگەڕامەوە ماڵەوەو دەرگاکەم لەسەر خۆم دادەخست ، ئینجا تا بەیانی ڕۆژی پاشتر نەدەهاتمە دەرەوە.

ئەمڕۆ وا نیم و حەزم لە هەموو شتێکە، مێشکم سافە. تەنیا شتێ کە بیری لێ بکەمەوە زوو تەواوبوونی دەوام و گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە. تا

بچمەوە سەر تابلۆکە و پەلە بکەم لە تەواوکردنی.

زیاد لە پێویستیش بەپەلەم، پەلەم بۆ ئیشکردن و نان خواردن و جل گۆڕین و قسەکردن و بینینی هاوڕێکانم. دەمەوێ هەرچی زووە. دابەزم و خۆم بەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا بکەم. بەپەلە هەنگاو بنێم و درِ بەقەرەباڵغی شەقامەکاندا بنێم.

ئەو مرۆڤەی تا دوێنێ بەیانی تاقەتی نەبوو بجووڵێ و بچێ قومە ئاوێ بخواتەوە، بەهەزار ناڵی عەلی لەناو نوێن دەهاتە دەرێ، بەزایەڵەی زەنگ نەبووایە لە خەو رانەدەبوو، کە دەشخەوتم پەمۆم لە گوێم دەنا تا کەمتر گوێم لە دەنگە دەنگ بێ. ئەمڕۆ هەموو ئەمانەم لێ پێچەوانە بۆتەوە. گۆڕاوم و بوومەتە مرۆڤێکی دی، چوست و چالاک و رووخۆشی کامەران، هەر لە خۆوە بزەی سمێڵم دێ، منێکی بێ حەوسەڵەی لاتەریک، دەرگام لەسەر خۆم دادەخست و پەیوەندیم لەگەڵ دەرودراوسێ نەبوو. حەزم نەدەکرد بیاندوێنم، بۆیە زۆربەی دراوسێکانی دەوروبەری خۆمانم نەدەناسی. پەیوەندیم بەوردو درشتی دەرەوە نەبوو، دنیا کاوڵ بووایە مافم بەسەرەوە نەبوو. ئەو سووکە مەرحەبایەیش کە لەگەڵ ناسیاوەکانم هەمبوو مەرحەبای موجامەلەکردن یا ئیشکردن بوو.

بەدەیان جار بەو گوێیانە گوێم لێبوو هاوڕێکانی فەرمانگەکەمان بەپەرێشانی مچومۆڕ وەسفیان دەکردم، نەشیان دەزانی لەدەرەوەی فەرمانگە چی دەکەم. ئاگایان لەوە نەبوو رەسم و تابلۆ دەکێشم، تابلۆکانیشم کۆمەڵێک هێڵ و رەنگ و بۆیەی تێکەڵوپێکەڵن و لەنێو تەمومژدا ناسرێنەوە، ئاڵۆزن وەک مێشکی خۆم و، درەنگ مانا بەدەستەوە دەدەن. دوورن لە واقیع و تژی خەیاڵ و شتی سەیرو سەمەرەن، بابەتیان بابەتی خەیاڵی و ئەودیو واقیعە، فەزای ئەفسانەیی و ئاڵۆزی ژیان بەسەریاندا زاڵە. هێندە بۆ لێکدانەوە زەحمەتن وەک زەحمەتی ژیانی خۆم، وەک ئاڵۆزی دوێنێی خۆم وابوون.

بەڵام تابلۆی ئەمجارەم یەکێکە لەو تابلۆ سادەو ئاسانانەی بچووکترین منداڵ تێی دەگات و بەحەزو توانایەکی سەیرەوە ئیشی تێدا دەکەم، تابلۆیەک کە لە کەشوهەوای ئەفسانەیی خەڵک نزیکە، لەڕووی قەوارەو رەنگ و کەشوهەواوە گەورە و جوان و ئەفرێنەرە، نازانم خەڵک و هونەرمەندان چۆنی لێکدەدەنەوە. زوو خۆ بەدەستەوە دەدا یا درەنگ، ئەوەی من دەمویست لەو تابلۆیە مانایەکی هێماداری هەبێ، ئیحایی بێ و بەدوو دیودا بڕوانێ، دوو دیوی هەبێ، دیوێک ئاسایی بێتە بەرچاوو دیوەکەی تری قووڵ، وەک قووڵی دەریا، بەڵام لە سەیرکردندا روون بێ، رەنگەکانی تێکەڵ و پێکەڵ نەبن، تابلۆکە لەڕووی هونەرییەوە ناوازەیە، بریتییە لە کۆمەڵێک چوارگۆشەی لێکدراوی بچووک کە لە چوارچێوەی بازنەیەکی گەورەی رەنگ پرتەقاڵی یەک دەگرنەوە، شاکەسی تابلۆکە ئافرەتێکە وەک ئەفرۆدیتی جوانی، لە پەریی ئەفسانەکان دەچێ، بەڵام بەقەبارە گەورەیەو چوارچێوەی بازنەکەی هەموو داگرتووە، وەک خاڵێکی سووری زۆر تۆخ، زەردەپەڕ بەسەر قژیدا هاتۆتەخوارێ و رووناکییەکی گەشی بەڕوخساری بەخشیوە، دوو مەمکی گەورەی ئافرەتەکەش تا پەنجەکانی شۆڕبوونەتەوە رووبارێ، کە شلەیەکی سەیریان لێدەڕژێتە سەرزەوی، کە نەئاوەو نەخوێن، نەشیرەو نەهەنگوین، بەڵکو شلەیەکی سپی تێکەڵ بەسوورێکی مەیلەو پرتەقاڵییەو دەڕژێتە ناو جۆگەلەیەک و ئەویش بۆ ئاسمان هەڵدەکشێ. ئینجا لە ئاستی سەری ئافرەتەکە پێچدەخواتەوە و تێکەڵ بەهەورێکی رەشی گەورە دەبێ.